# بەها

یەکەم ڕستەی ((یاسای بنەڕەتی- دەستور))ی ئاڵمانیا بەم شێوەیە:

((بەها مرۆییەکان نابێت زەوت - پێشێل بکرێن!)).

((Die Wurde des Menschen ist unantstbar)) ئاڵمانی

((Human dignity is involable!)) ئینگلیزی

((Menneskene verdighet er ukrenklig!)) نەرویجی

**بەها مرۆییەکان چین؟**

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بەم چەند خاڵەوە:

- کەسایەتی و پاشخانی بیر و دنیابینی کەسی وەڵامدەر.
- لە چ شوێن و کاتێکدا (زەمین و زەمانێکدا) ئەو پرسیارەی ئاڕاستە کراوە؟
- ئەو مرۆڤەی وەڵامدەداتەوە لە چ بارو دۆخێکدایە؟

(بارودۆخی دەروونی، ئابوری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، زانستی (پلەوپایەی خوێندن)، فیزیکی و ...)

گەر وەڵامدەرەوە، لەگشت ئەم دۆخانەدا لە ئاستێکی، باش، یان باڵادا بێت و دڵنیا بێت (هیچ نەبێت لەم ساتەوەختەدا و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا) ئەم دۆخانەی هەروا، دەمێنێتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە، لە کن ئەو، خۆشگوزەرانی و شادی دەبنە بەهایەکی گرنگ و بێ هاوتا.

بەڵام، شادی و بەختەوەری (زۆربەی جارەکان) کورتخایەنن و کەم مەودان!

ئێمە زۆرجار بەشادی و بەختەوەری سەرمەست دەبین، بەڵام گشتمان دەزانین، کە مەستی، دۆخێکی کاتی و تیژڕەوە!

بەشێوەیەکی گشتی بەها مرۆییە بنەڕەتیەکان (نزیکەی بۆ گشت مرۆڤێک) ئەمانەن:

- مرۆڤ ئازاد بێت، لە ئاشتی و ئاسایشدا بژی.
- پێداویستییە گرنگ و بنەڕەتیەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەبێت (خواردن، ئاوی پاک، خانە و ماڵ، پێداویستی تەندروستی و ساغڵەمی، ژینگەی پاک و لەبار)
- دەرفەتی کار و خوێندن.
- دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری و زانستی.
- دەستگەیشتن و کەڵک وەرگرتن (کەڵک وەرگرتنی پۆزەتیڤانە) لە تەکنۆلۆژیا!

بەڵام بۆ کەسانێک، کە گشت ئەم دەرفەتانەیان لە بەردەستدا بێت و بەئاسانی بتوانن بە دەستیان بهێنن، ئیدی چی دەمێنێت، کە پێی بگوترێت بەها؟!

- شادی

بەڵێ شادی!

بەدەستهێنان و گەیشتن بەشادی، دوای گەیشتن بەو پێداویستیانەی ئاماژەمان پێدا، دەبێتە گەورەترین و پڕ بایەخترین بەها!
بەڵام شادیش، کورت مەدا و کەمخایەنە! گەرچی شادی و چێژوەرگرتنیش، ئەزموونێکی زۆر خودی و تاکە کەسییە. کەمێ چڕتر بدوێین، خودی شادی و چێژوەرگرتن سوبجێکتییە. واتا تەنیا ئەو کەسەی شادە، یان ئەو کەسەی چێژەکە وەردەگرێت، تەواو لە ڕەهەندەکانی ئەو شادی و چێژە تێدەگات.
لە ساتەوەختی وەرگرتنی چێژ و بەدیهاتنی شادی، تەنها ئەو کەسە دەزانێت چۆنە. نە بۆ ئەو کەسە ئاسانە ڕاڤەی شادی و چێژەکەی بکات، نە بۆ کەسانی دیکەش ئاسانە بەهەمان ئاست و لە هەمان ڕەهەندەوە، لە شادبوون و چێژوەرگرتنی کەسانی دیکە تێبگەن!
با چەند نموونەیەک بهێنینەوە:
بۆ منداڵێکی ساوا، خۆراک (شیری مەمکی دایکی) و هەستکردن بە ئارامی لەباوەشی دایکیدا، بەرزترین و گرنگترین بەهایە!
بۆ لاوێک (کیژێک،کوڕێک) هاتنەدی خەونەکانی و گەیشتن بە دڵدار یان دولبەرەکەی ڕەنگە بەرزترین بەهابێت!
بۆ نەخۆشێک، کە بیمارییەکی سەختی هەیە، دەرمان و چاودێری و خزمەتکردن ڕەنگە بەرزترین بەها هەبێت!

وەک گوتمان، بەگشتی شادی و چێژوەرگرتن یان بەختەوەری، کاتی و کورت مەودا و کەمخایەنن، بەڵام بەهای (خودی) مرۆڤ، نەگۆڕە و چەسپاوە.
ئایا دەشێت لەسەر بنەمای شادی نەخشەی ژیان دابڕێژین؟
کە شادی دۆخێکی چەسپاو و درێژخایەن نەبێت، ئیدی چۆن بتوانین لەسەر بناخەیەکی بزۆک بنەمای ژیانێکی چەسپاوی پڕ شادی دابمەزرێنین؟

کەوابوو، ئێستا دەگەینە دەرئەنجامێکی نوێ. ئەویش ئەوەیە، کە شادی بزۆک و بەهای مرۆڤ چەسپاوە!

کە دەڵێین بەهای مرۆڤ مەبەست لە خودی مرۆڤەکەیە- مەبەست لە تاکە - نەک ئەو بەهایانەی بۆ مرۆڤ گرنگن، چونکە وەک سەرەتا گوتمان، بەهاکان لەدیدی کەسەکاندا جیاوازە!
ڕەنگە دیدی هەندێک فەیلەسوف سەبارەت بە بەهای مرۆڤ ڕێنیشاندەرێکی باش بێت. بە بڕوای من کانت باشی پێکاوە، کاتێک دەڵێت ((ئەوشتەی نرخێکی هەبێت، دەکرێت بەشتێکی دیکە (جا وەک خۆی یان لەخۆی باشتر) جێگەی بگیرێتەوە. بەڵام ئەو شتەی کە نەتوانین نرخی لەسەر دابنێین، ئیدی بەهای خۆی هەیە!))

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەوە چییە، کە بەهای هەیە و ناتوانین نرخی بۆ دابنێین؟

لەوانەیە زۆرینە ئەو شتە، ئەو حاڵەتە پڕ بەهاو لە نرخ بەدەرە بە ئازادی (مەبەست ئازادی تاکە کەسە) دابنیین!

ڕونتر بێژین، مەبەست لە ئازادی، لە ڕێچکەی ئەم باسەی ئێمەدا، بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئازادانەیە لە شێوازی ژیان و گشت هەڵبژاردنێکی دیکە.
ڕەنگە جوانترین پێناسەیەکی ئەدەبی و شاعیرانە، کە بەها و هەڵبژاردن پێکڤە گرێبدات، ئەو وەسفەی شانۆنووس و ڕۆماننووسی سویسری (ماکس فریش) بێت، کە دەڵێت:

((بەها مانای ئەوەیە بتوانیت هەڵبژێریت!))



Max Frisch (١٩٩١ - ١٩١١)

بێگومان مەبەستی، فریش ئەوەبووە، کە بە ئازادانە هەڵبژێرین!
ئازادی هەڵبژاردن لە بیروباوەڕ، ئاین و بڕوا، بێ ئاینی و بێ بڕوایی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، شێوازی ژیان، پەیوەندی سێکسی، ئازادی لە هەڵبژاردنی خوێندن و کاروپیشە و جل و بەرگ و خۆراک و زۆر شتی دیکەش!

بەڵام ! ئێمە گشتمان دەزانین، کە مرۆڤ لە هەموو زەمین و زەمانێکدا، ناتوانێت تەواو ئازادانە و بەخواستی خۆی هەڵبژێرێت. واتە ئەوەی دڵی دەخوازێت و حەزی لێیە، بیکات.
چۆن؟
بیرکەرەوە.
- ئایا منداڵێکی ساوا، ئازادە لە هەڵبژاردن و حەزەکانیدا؟

گشتمان دەزانین منداڵ بە ساوایی و تا چەند ساڵێکی سەرەتای تەمەنیش، وابەستی دایکە. گشت پێداویستییە فیزیکییەکان دایکی بۆی پەیدا دەکات، یان جێبەجێدەکات. نەک هەر پێداویستی فیزیکی بەڵکو ئارامی و پاڵپشتی دەورونیش هەر لەدایک (هەندێک جاریش باوک و ئەندامانی خێزان و کەسانی نزیک) وەردەگرێت.

ئیدی ئێستا چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە.
- ئایا منداڵ ئازادە؟
- ئایا ئازادی لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا پێی دەگەین و بەکردەوە پیادەی بکەین؟
- ئایا ئەو ساڵانەی سەرەتای تەمەن، مرۆڤ- منداڵ ناکەوێتە ژێر کاریگەری دید و دنیابینی گەورەکانەوە بەتایبەتی دایک و باوک و کەسانی دیکەی ناو خێزان؟
- ئایا گەر مرۆڤ/ منداڵ بڕیاری بەدەستی خۆی نەبێت و چارەنووسی کەسانی دیکە بۆی دیاری بکەن، ئیدی دەتوانین بڵێین. مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت؟
- یان لەساڵانی کۆتایی ژیانیشدا، مرۆڤ کە پیر بوو، بەتایبەتی گەر خۆی توانای ڕایکردنی پێداویستییەکانی خۆی نەبێت و لە خانەی پەککەوتواندا، یان بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە لە نەخۆشخانەیەکدا ژیان بەسەرببات و پێداویستییەکانی لەلایەن کەسانی دیکەوە بۆ دابینبکرێت، ئیدی ئەو مرۆڤە پیرە ئازادە؟
نەک هەر منداڵ و پیر، بەڵکو هەندێ کەسانی دیکەش هەن، کە ڕێگری لە ئازادی هەڵبژاردنیاندا دەکرێت، وەک زیندانیان، ئاوارە (پەنابەر) کرێکاری بیانی (ئەوانەی لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون بۆ کارکردن) ئێستا با بپرسین:
- ئایا مرۆڤ تەنها لە قۆناخێکی تەمەنیدا ئازادی هەڵبژاردنی هەیە،، یان ئازادی مرۆڤ وابەستی کاتێکە، تەمەنێکە بۆ نمونە، دوای تێپەڕبوونی تەمەنی منداڵی و پێس هاتنی تەمەنی پەککەوتەیی؟
- یان، مرۆڤ جگە لە منداڵ و پیر، نابێت هیچکام لەو گروپانە بێت،کە ناومان هێنان... ئەوجا ئازادە؟
ڕاستە مرۆڤ لە قۆناخێکی تەمەنیدا (منداڵی و پیری) پێویستی بە یارمەتی کەسانی دیکە هەیە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی. ڕاستە مرۆڤ لە هەندێک دۆخدا، وەک زیندانی، ئاوارەیی و کرێکاری بیانی، بواری هەڵبژاردنەکانی بەرتەسک دەبێتەوە، بەڵام نابێت بەهای مرۆییانەی هیچ مرۆڤێک، چ لە سەرەتا و چ لە کۆتایی ژیان و هەر دۆخێکدا، کە تێیدا بژێت. زەوتبکرێت.

داگ هامەرشۆڵد (سویدی) سکرتێری UN ( لە 1953 تا 1961 گووتویەتی:

((ئەو بەهایەی کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە ئەو بەهایەیە، ئەگەرچی لەلایەن مرۆڤەکانی دیکەشەوە نادیدە بگیرێت، بەڵام تێکناشکێت.))



Dag Hammarskjöld

1961 - 1905

مرۆڤ بوونمان خۆی هەڵگری بەها گەلێکە لە خۆیدا، کە ناشکێت و زەوت ناکرێت. گەرچی کەسانی دیکە و دەستەڵات، هەوڵبدەن یان کار بۆ ئەوە بکەن بەهاکانی مرۆڤ، زەوتبکەن و تێکبشکێنن، بەڵام بەهاکان هەردەمێنن.

کانت جوانی گووتوە:

((ئەرکی ئێمەی مرۆڤ بەرانبەر بە خودی خۆمان ئەوەیە، کە بەها مرۆییەکانی خودی خۆمان بپارێزین.))



کانت 1726 – 1804

کەریم مستەفا

12/12/2012